# پوختەی ڕێنووس

ئامادەکردن: دیاکۆ هاشمی

لەسەر بنەمای بڕیارەکانی ئەکادیمیای کوردی،
کوردئایتیگرووپ، زانستپەروەرانی کورد، چاوگ و
فەرمانگەی ئایتیی کوردستان و
بەراورد لەگەڵ زمانەکانی تر

وەشانی ١
2021-09-25

پێشکەش بە مامۆستایان، خوێندکاران،
فێرخوازان و ڕاژەکارانی زمانی کوردی

**١**

**ئەلفبێ** (نەک: ئەلف بێ، ئەلف و بێ، ئەلفوبێ)

**ئـ - ا - ب - پ - ت - ج - چ - ح - خ - د - ر - ڕ - ز - ژ - س - ش - ع - غ - ف - ڤ - ق - ک - گ - ل - ڵ - م - ن - هـ - ە - و - وو - ۆ - ی - ێ.**

❊❊❊

**ڕوونکردنەوە:**

**پیتەکان:** ٣٤ پیت.

**بزوێنەکان:** ٨ دەنگ، ٧ پیت + ١ بزرۆکە (إ) کە پیتی بۆ دانەنراوە.

دوو پیتی (و، ی) هەم ئەرکی بزوێن و هەمیش ئەرکی نەبزوێن دەگێڕن.

لە زمانی کوردیدا وشەی لێکدراو لە پلەی یەکەمدا بەبێ هیچ ناوبەندێک پێکەوە دەلکێنرێت، ئەگەر نەکرا ناوبەند بەکار دەهێنن، هەروەها لە هەموو زمانەکانی دنیادا وشەی (Alphabet) پێکەوە لکێنراوە، کەوا بێت ئێمەش دەنووسین: (ئەلفبێ) نەک (ئەلفوبێ یان ئەلف بێ).

**٢**

**هەمزە (ئـ):**

**لەم دۆخانەدا هەمزە دەسڕینەوە:**

## خۆراوا، ڕۆژاوا، ماڵاوایی

(نەک: خۆرئاوا، ڕۆژئاوا، ماڵئاوایی)

❊❊❊

**ڕوونکردنەوە:**

هەمزە (ئـ) لە سەرەتای وشەی بزوێندار و زۆر جاریش لەسەرەتای بڕگەی بزوێنداردا دەنووسرێت، وەک (ئاو)، (دەرزیئاژن)، بەڵام لە وشەی لێکدراوی وەک ئەمانەدا دەیقرتێنین چونکە هیچ لە واتاکە ناگۆڕێت:

گوڵ + ئاو = گوڵاو (نەک: گوڵئاو)

خۆر + ئاوا = خۆراوا (نەک: خۆرئاوا)

دەنووسین: گۆشتاو، گوڵاو، ماستاو، ڕۆژاوا، ماڵاوایی.

نەک: گۆشتئاو، گوڵئاو، ماستئاو، ڕۆژئاوا، ماڵئاوایی.

**ئاوارتە (ڕیزپەڕ، لەیاسابەدەر):**

١. لێوئاڵ

ناکرێت هەمزە لە وشەی (لێوئاڵ)دا بقرتێنین چونکە قورسایی بزوێنەکە دەکەوێتە سەر "ێ" و "ا" و بەبێ هەمزە واتاکە تێک دەچێت، وەک ئەوەیە بلێی (لێ واڵ)، کە ئەویش هەڵەیە.

٢. قورئان:

هەروەها ناکرێت هەمزە لە وشەی (قورئان)دا بسڕینەوە، چونکە واتاکەی تێک دەچێت.

## ٣

## پیتی (ڕ):

**(ڕ) لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا وەک خۆی دەنووسرێت:**

**ڕاز، گڕکان، گڕ**

***

**ڕوونکردنەوە:**

١. (ڕ) و (ر) دوو فۆنیمی جیاوازن و لە سیستەمی یونیکۆددا دوو کۆدی جیاوازیان هەیە.

٢. لە تەختەکلیلی کوردیدا دوگمەی جیاوازیان هەیە، سەیر دەبێت بە دوگمەی (ر)ی سادە بینووسین بەڵام بە (ڕ)ی گڕ بیخوێنینەوە.

## ٤

## پیتی (ک):

**(ک) بەبێ نیشانە دەنووسرێت:**

**خاک، چەک، پاک**

(نەک: خاك، چەك، پاك)

***

**ڕوونکردنەوە:**

پێویستە لەنێوان دوو پیتی (ک و ك) کە = (**K**) یەک بژارە بمێنێتەوە، ئەمە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسییشدا لە بواری ئایتیدا هەر کێشەسازە.

کورد لە کۆنەوە نیشانەکانی سەرە (فتحە)، بۆرە (ضمە)، ژێرە (کسرە)ی لە ئەلفبێی کوردیدا لابردووە، هەروەها پیتی (ک) لە سەرەتا و ناوەڕاستیشدا هەر بە (ک) دەنووسرێت، کەوا بێت لە کۆتایی وشەدا ئیتر (ك) بەکار ناهێنین و بەس (ک) دەنوسین و خۆمان یەکلایی دەکەینەوە.

ئەمە بڕیاری (کوردئایتیگرووپ)ە کە فۆنت و تەختەکلیلی یونیکۆدی کوردییان دروست کردووە و بڕیارەکەش پاڵپشتیی فەرمانگەی ئایتی و ئەکادیمیاشی لە پشتە.

هەڵبەت نووسینی ئەمە بە کۆمپیوتەر و بە شێوەی دیجیتاڵی زیاتر پێوەندیی بە جۆری فۆنت و دوگمەی تەختەکلیلەوە هەیە.

گرنگیشە کاتێک بە دەست دەنووسین هەرگیز (ك) بەکار نەهێنین و پاساویشی بۆ نەهێنینەوە کە گوایە ئەم کوردییە و ئەوی تر ناکوردییە، ئەم جوانیی تێدایە بۆ نووسین و ئەوی تر تێیدا نییە، هەمووی ڕاهاتنێکی سادەیە، پاش ماوەیەک نووسینی (ک) لە کۆتاییدا پێی ڕادێین: (پاک)

**پەیامێک بۆ مامۆستایانی ناو پۆل کە جاروبار بە دەست دەنووسن:**

تکایە لە جیاتیی (ك)ی نیشانەدار (ک)ی سادەی بێنیشانە بنووسن.

**٥**

## نەبزوێنی (و)، بزوێنی کورتی (و) و بزوێنی درێژی (وو):

| | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتایی |
|---|---|---|---|
| (و w) نەبزوێن: | ون | شەوبۆ | ڕاو |
| (و u) بزوێنی کورت: | ئومێد | کورد | - |
| (وو û) بزوێنی درێژ: | ئووبا | کەرکووک | توو |

***

**ڕوونکردنەوە:**

**١. (و w) نەبزوێن:**

**٢. (و u) بزوێنی کورت:**

**٣. (وو û) بزوێنی درێژ:**

**١. (و w) نەبزوێنە،**

هەمیشە لە سەرەتای وشە یان لەگەڵ بزوێنێک لە ناوەڕاست و کۆتاییی وشەدا دێت:

**ون ، شەوبۆ ، ڕاو**

**وشە، وس، ورچ**

(نەک: ووشە، ووس، وورچ)

٢. (و u) بزوێنی کورتە، لە سەرەتا لەگەڵ هەمزە دێت، لە ناوەڕاست لەگەڵ نەبزوێن دێت، لە کۆتایی دەرناکەوێت:

**ئوستاد ustad، خول xul،** -

٣. (وو û) بزوێنی درێژە، لە سەرەتادا لەگەڵ هەمزە دێت، لە ناوەڕاستدا لەگەڵ نەبزوێن دێت، و لە کۆتاییدا ئەگەر لە پێشیدا پیتی نەبزوێن بێت هەمیشە (وو)ی درێژە:

**نووسین، مەحموود، حکوومەت/حوکوومەت**

(نەک: نوسین، مەحمود، حکومەت)

***

(وو) هەمیشە لە کۆتایی وشەدا پاش نەبزوێن درێژە (وو):

**وەکوو، چوو، موو**

(نەک: وەکو، چو، مو)

***

**تێبینی:**

دەنگی درێژی (وو) هەر لە کۆنەوە بڕیاری لەسەر دراوە کە بنووسرێت و ئێستاکەش زمانەوانانی گەورە و پرۆفیسۆرانی خاوەنڕا و هەروەها ئەکادیمیاش هەر سوورن لەسەر بەکارهێنانی. ئەمە ڕێسایەکی زمانی کوردییە و نابێت لەبیر بکرێت.

**ئووبا = ڕەخنەلێگرتن، ئیرادگرتن**

**٦**

**دەنگی درێژی (ی î):**

| | | | |
|---|---|---|---|
| سەرەتا | ئینجا | ئیبراهیم | ئیسلام |
| ناوەڕاست | بیر | شیر | پیلان |
| کۆتایی ١ | پەتی | کوردی | قەیسەری |
| کۆتایی ٢ | ئاسایی | پەمەیی | لادێیی |

***

**ڕوونکردنەوە:**

**دەنگی درێژی (ی î):**

دەنگی درێژی (ی î) لە هەر کوێی وشەدا بوو هەر بە یەک (ی) دەنووسرێت، لە سەرەتادا لەگەڵ هەمزە دەنووسرێت:

**١. سەرەتا، (ئـ + یـ):** **ئـیـنجا، ئـیـبراهیم، ئـیـسلام**

**٢. ناوەڕاست:** **بیر، شیر، سینەما، پیلان**

**٣. کۆتایی (دوو جۆرە):**

**کۆتایی ١:**

کاتێک پێش لە (ی î) دەنگی نەبزوێن هەبێت:

**پەتی، کوردی، قەیسەری**

(نەک: پەتیی، کوردیی، قەیسەریی)

**کۆتایی ٢:**

کاتێک پێش لە (ی î) دەنگی بزوێن هەبێت ناوبەندی (یـ) زیاد دەکەین بۆ ئەوەی دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نەنووسرێن و بە (یی) دەنووسرێت:

**(ئاسایی asayî)، پاوەیی، شنۆیی، لادێیی، خۆجێیی**

***

ئەگەر چاو لە وشەکانی (بیر bîr)، (تیر tîr) و (سیروان Sîrwan) بکەین دەبینین کە بۆ دەنگی درێژی (ی) هەر یەک (ی) واتە (ی î) بەکار هێنراوە.

ئەگەر چاو لەم وشانە کە بە دەنگی درێژ کۆتاییان هاتووە و پێش لەوان نەبزوێن هەیە بکەین دەبینین کە لە لاتینییشدا هەمان پیت بەکار هێنراوە:

(هەستی hestî)، (پەتی petî)، (نەخۆشی nexoşî)

ئەگەر بنووسین (هەستیی)، (پەتیی)، (نەخۆشیی) وەک ئەوەیە بنووسین: (هەستیی hestîî)، (پەتیی petîî)، (نەخۆشیی nexoşîî).

هەر بۆیە ئەکادیمیا ڕای وایە کە ناکرێت بە دووپاتبوونەوەی هەمان پیتی درێژ (یی îî) دەنگەکە درێژتر بکەینەوە، هەر بۆیە دووسین: (ی î) نەک (یی).

بژی ئازادی!

تۆ ئازادی.

بەی

پاش نەبزوێن دەنگەکە درێژە (پەتی)

وەک جێناوی لکاو دەنگەکە کورتە. (تۆ ئازادی)
پاش بزوێن دەنگەکە کورتە (بەی)
هەموویان بە (ی) دەنووسرێن.

٧

## (هـ) لە کۆتاییی وشەدا:

**نابێت (هـ) لەگەڵ بزوێنی (ە)دا تێکەڵ بکرێت، بەتایبەت لە کۆتاییی وشەدا:**
**ماهـ (نەک: ماە)، مەهـ (نەک: مەە) بەهـ بەهـ (نەک: بە بە).**


شەوقی مەهـ و ڕووی دڵبەر کەوتوونەتە جەدەل دیسان
"سالم"

***

**ڕوونکردنەوە:**

**بۆ نووسینی (هـ):**

لە تەختەکلیلی ستانداردی کوردی، دروستکراوی (کوردئایتیگرووپ) کە لە سیستەمی مایکرۆسۆفت و هەموو کۆمپیوتەرەکاندا جێگیر کراوە:



**لە پێشدا تەختەکلیلی کوردی، پاشان: (M) + SHIFT + (H): هـ**

**چۆن پیتێکی کوردی بەم شێوەیە درێژ بکەمەوە:**
**کـــــــوردســـــــتـــــــان**
**لە پێشدا ئەو پیتەی کە دەتەوێت درێژی بکەیتەوە بنووسە، پاشان:**
**(M) + SHIFT: کـــــوردستان**

٨

**ئامرازی دانەپاڵ (ی):**

| وشە | ئامرازی دانەپاڵ | وشە | گرێی ناوی/هاوەڵناوی |
|---|---|---|---|
| کورد | ی | سنە | کوردی سنە |
| کوردی | ی | سنە | کوردیی سنە |
| سنەیی | ی | کوردپەروەر | سنەییی کوردپەروەر |

***

**ڕوونکردنەوە:**

(ی)ی ئامرازی دانەپاڵ، ئەرکێکی مۆرفۆلۆژییانەی هەیە، واتە وەک پیتێک یان وشەیەک هەژماری بوونی بۆ دەکرێت، فۆنیمێکە بوونی پێویستە، بۆ نموونە گرێی ناوی یان هاوەڵناوی دروست دەکات، هەر بۆیە هەرگیز نابێت بقرتێنرێت.

**(ی)ی ناوبەند، جیاکەرەوەی دوو بزوێن:**

| بزوێن | ناوبەند | بزوێن | |
|---|---|---|---|
| نی | یـ | ە | نییە |
| چی | یـ | ە | چییە |
| کوردی | یـ | ە | کوردییە |
| شنۆیی | یـ | ەکان | شنۆییەکان |
| خۆجێیی | یـ | ەکان | خۆجێییەکان |

***

**ڕوونکردنەوە:**

دوو بزوێن بەدوای یەکتردا نانووسرێن، ئەگەر کەوتنە پاڵ یەکترەوە، ئەو کاتە ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیان.

**بزوێن + ناوبەندی یـ + بزوێن**

***

**کێشەی "ییی": (ییی yîy):**

ئەو شێوەنووسینانە کە لە سەرەوە بەپێی یاسا و ڕێسای زمانی کوردی ڕوون کراونەتەوە، بڕیاری ئەکادیمیاشە.

زۆر کەس لەبەر چەند هۆ حەزیان لە بەکارهێنانی (ییی) نییە و حەز دەکەن بنووسن (یی) چونکە پێیان وایە:

١. (یيی) هەرچەند یەک پیت نین، بەڵام شێوازیان یەکێکە و وەک ئەوەیە هەمان پیت سێپات ببێتەوە.
٢. (یيی) بەدوای یەکتردا ناشیرین دیارە.
٣. (یيی) نووسینی قورسە، کات و جێ دەگرێت.
٤. لە زمانەکانی تردا سێ پیتی هاوشێوە بەدوای یەکتردا نابینرێت.

**لەبەر ئەوەی هەر کەسێک یاسایەک دانەنێت، ئێمە لەم فێرگەیەدا ڕەچاوی ڕێنوێنییەکانی ئەکادیمیا دەکەین.**

**٩**

**(ی)ی نیسبەت:**

**(ی)ی نیسبەت لە کاتی (درانەپاڵ)دا بە یەک (ی) دەنووسرێت و سێ دۆخی هەیە:**

**١. ئەگەر وشەکە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێت:**

**هەولێر + ی = هەولێری**

**هەروەها:**

**کرماشانی، چەمچەماڵی، کەرکووکی، مەهابادی**

**٢. ئەگەر وشەکە بە بزوێن کۆتایی هاتبێت ناوبەندی "یـ" دەخەینە نێوانیانەوە:**

**شنۆیـی، پاوەیـی، سەرگەڵوویـی، میراوایی**

**٣. ئەگەر وشەکە بە (ی) کۆتایی پێ هاتبێت هیچی پێ زیاد ناکەین:**

**سلێمانی**: ئاسۆ سلێمانی لەوێ دانیشتووە.

**ئامێدی**: ئاسۆ ئامێدی لەوێ دانیشتووە.

***

**٣. ناوی نیسبەت یان درانەپاڵ، لە کوردیدا وا دروست دەبێت:**

**(ناوی شوێن + ی) وەک:**

**کەرکووک + ی = کەرکووکی.**

**لەژێر کاریگەریی زمانی عەرەبیدا زۆر ناو بە شێوازی عەرەبی هاتوونەتە ناو کوردییەوە و بەکار دەهێنرێن و وا جێ کەوتوون کە لابردنیشیان نەلواوە:**

**ئەمریکی:** کوردییەکەی: (ئەمریکا + یی = ئەمریکایی).

**ئەفریقی:** کوردییەکەی: (ئەفریقا + یی = ئەفریقایی، ئافریقایی، ئافریکایی).

**فەرەنسی:** کوردییەکەی: (فەرەنسا + یی = فەرەنسایی).

**هەندێک نەتەوە هەن کە "ی" وەرناگرن:**

**کورد، ئەفغان، فارس، عەرەب، تورک، تاجیک.**

**هەندێک نەتەوەش هەن هەر بە ناوی وڵاتەکەیان نیسبەت دەدرێن:**

**سویدی، چینی، ژاپۆنی.**

**بۆ دیاریکردنی دۆخی (هاووڵاتیێتی) ئەوە ئاماژە بە (وڵات) دەکرێت و (ی) زیاد دەکرێت:**

**عەرەبستانی، عێراقی، چینی، سویدی، ئێرانی، ئەفغانستانی.**

**١٠**

## دوودەنگە (دیفتۆنگ):

**دوودەنگەی وەک (وێ، وی) چ لە کوردیی ناوەڕاست و چ لە کوردیی خوارووی پێویست بە پیتی جیاواز ناکات، هەر بە دوو پیت دەنووسرێت:**

**لە کوردیی ناوەڕاست:**

شوێن، خوێن، جوێن، نوێن، گوێ، توێ.

**لە کوردیی خواروو:**

خوین (خوێن)، بیستوین (بێستوون)، چوی (چۆن)، دویێت (کچ).

**١١**

## پیتی "ت" لەبیر نەکرێت:

# دەستەسڕ، دەستاودەست، ماستاوچی

(نەک: دەسەسڕ، دەساودەس، ماساوچی)

**١٢**

**جێناوی نیشانە:**

**جێناوی نیشانە کاتێ ئاماژە بە کات (ڕۆژ، شەو، ساڵ) بکات پێکەوە دەنووسرێت:**

**ئەمشەو، ئەمساڵ، ئەمجار** (نەک: ئەم شەو، ئەم ساڵ، ئەم جار)

**بەڵام ئەگەر پاش کاتەکە پاشبەندی (ە، ی) بنووسرێت، ئەوە جێناوەکە جیا دەبێتەوە:**

**ئەم شەوە، ئەم ساڵە، ئەم جارە** (نەک: ئەمشەوە، ئەمساڵە، ئەمجارە)

نـــەمـــردم من ئەگەر ئەم جـارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
"نالی"

**١٣**

**وشەی لێکدراو**

**وشەی لێکدراو یان بە یارمەتیی (ناوبەند) یان بێ هیچ ناوبەندێک پێکەوە دەلکێن:**

**١. بەبێ ناوبەند:**

**ڕەشماڵ:** (نەک: ڕەش‌ماڵ، ڕەش ماڵ)

**سەهۆڵفرۆش:** (نەک: سەهوڵ‌فرۆش، سەهۆڵ فرۆش)

**٢. بە یارمەتیی یەکێک لەم ناوبەندانە (ە، بە، و، دو، او):**

**گوڵەگەنم** (نەک: گوڵە گەنم)

**جێبەجێ** (نەک: جێ بە جێ، جێ‌بەجێ)

**هاتوچۆ** (نەک: هات‌وچۆ، هات و چۆ)

**شارەوشار** (نەک: شارە و شار، شارەو شار)

**پشتاوپشت** (نەک: پشتاو پشت)

بۆ نموونەی زۆرتر لە وشەی لێکدراو بڕوانە:

خشتەی وشە لێکدراوەکان

**١٤**

## ژمارەی لێکدراو (ژمارە + ژمارە):

**ژمارەی لێکدراو کە پێک هاتووە لە (ژمارە + ژمارە) بەجیا دەنووسین:**

بیست و یەک، سی و پێنج، چل و نۆ، نەوەد و هەشت.

یەک سەد، دوو سەد، سێ سەد، چوار سەد، پێنج سەد، شەش سەد، حەوت سەد، هەشت سەد، نۆ سەد، هەزار و دوو سەد، سێ هەزار و چوار سەد.

**نووسینی ژمارە بەتایبەت کاتێک بچینە سەر ژمارەی دووردرێژ بە شێوەی دەق کێشەسازە، هەر بۆیە بڕیار دراوە کە هیچ ژمارەیەک کە لە (ژمارە + ژمارە) پێک هاتووە بە شێوەی لێکدراوی پێکەوە نەنووسین.**

**نموونەیەک لە ژمارەی گەورە: (2.967.431):**

دوو میلیۆن و نۆ سەد و شەست و حەوت هەزار و چوار سەد و سی و یەک.

***

**(ژمارە + وشە):**

**بەڵام ژمارە لەگەڵ وشەیەکی تر کە وشەی لێکدراو دروست بکات پێکەوە دەنووسرێت:**

دووشەممە، پێنجشەممە، منداڵێکی یەکساڵە. دوودڵ، چوارچرا، هەزارپێ، چوارتا.

**١٥**

## چاوگ و کاری لێکدراو:

**چاوگی لێکدراو کاتێک گەردان بکرێت پێی دەوترێت کاری لێکدراو:**

١. چاوگی سادە: خواردن

٢. چاوگی لێکدراو: بیرکردنەوە (نەک: بیر کردنەوە)

**١. گەردانکردنی کاری سادە:**

**بە هاتنی جێناو جیا نابێتەوە:**

(خواردن): **دەمخوارد، دەیانخوارد، دەتانخوارد**

(نەک: دەم خوارد، دەیان خوارد، دەتان خوارد)

**٢. گەردانکردنی کاری لێکدراو:**

**تێپەڕ، تێنەپەڕ، ڕانەبردوو، ڕابردوو، بەشی کۆتاییی کارەکە جیا دەبێتەوە:**

(بیرکردنەوە): **بیر دەکەمەوە، بیرمان کردەوە.**

(نەک: بیردەکەمەوە، بیرمانکردەوە)

❋❋❋

**نموونەی تر:**

(لەدایکبوون): **لەدایک دەبێت، لەدایک بوو.**

(نەک: لەدایکدەبێت، لە دایک دەبێت، لەدایکبوو، لە دایک بوو.)

(جێبەجێکردن): **جێبەجێ دەکات، جێبەجێمان کرد.**

(نەک: جێبەجێدەکات، جێ بە جێ دەکات)

**ڕێسا:**

**کە جێناوی لکاو، کەوتە دوای وشەی سەربەخۆوە، لە هەموو بارێکدا لە وشەکەی دواوەی دوور دەخاتەوە، وەک:**

**خانووم کرد، سەرمان تاشی، ئاسنەکەیان بڕییەوە**

**پوختە:**

**کاری لێکدراو (چ تێپەڕ، چ تێنەپەڕ، چ ڕابردوو، چ ڕانەبردوو) لە گەردانکردندا بەشی کۆتاییەکەی جیا دەبێتەوە:**

**نامە دەنووسم**. (نەک: نامەدەنووسم)، نامەم نووسی.

## ١٦

**وشەی داڕێژراو:**

**پێشگر زۆرە، بۆ نموونە: (دا، هەڵ، ڕا) کە دەلکێن بە وشە یان کارەوە.**

**با پێشەکی ئەم سێ چەمکە جیا بکەینەوە:**

**١. وشەی داڕێژراو (بەهێز، مشکۆڵە، نەخۆشی)**

**٢. چاوگی داڕێژراو (داگرتن، هەڵگرتن، دابڕین)**

**٣. کاری داڕێژراو (دادەگرم، هەڵدەگرین، ڕادەکەم)**

***

**گەردانکردن:**

**١. ڕانەبردوو، پێکەوە دەنووسرێت:**

**دادەکەم، ڕادەکەم، هەڵدەکەم**

**داناکەم، ڕاناکەم، هەڵناکەم**

**ئەمر پێکەوە دەنووسرێت:**

**دابکە، ڕابکە، هەڵبکە**

**دامەکە، ڕامەکە، هەڵمەکە**

***

**٢. ڕابردوو، دوو شێواز ڕێپێدراوە:**

١. **بەجیا: دام کرد، هەڵم کرد، دامان بڕی.**

٢. **پێکەوە: دامکرد، هەڵمکرد، دامانبڕی.**

**لە دۆخی یەکەمدا بە هاتنی جێناوی لکاو وشەکە جیا دەبێتەوە، ئەم شێوازە هەر لە کۆنەوە باو بووە و زۆر دەقی کۆن لەسەر ئەو بنەمایە نووسراونەتەوە. ئەم فێرگەیە، شێوازی یەکەم - کە هەر لە کۆنەوە باو بووە - ڕەچاو دەکات کە بڕیاری ئەکادیمیشای لەگەڵە.**

**ڕام کرد، ڕام نەکرد، ڕایان کرد، ڕایان نەکرد.**

**دەرم کرد، دەرتان کرد، دەرمان کرد.**

❊❊❊

**ڕوونکردنەوە:**

**وشەی داڕێژراو ئەو وشانەن کە بە یارمەتیی (پێشگر prefix)، (پاشگر suffix) یان هەردووکیان (کۆنفیکس = confix) وشەی نوێ پێک دەهێنن، وەک:**

## بەهێز، وردەڵە، بێبەشی

**پێشگرەکان دوو جۆرن:**

**١. پێشگری سادە.**

**٢. پێشگری ناسادە:**

**١. پێشگری سادە:**

**(دا، ڕا، وەر، هەڵ، ڕۆ، ڕێ، پێ، تێ، لێ، ڤێ، ڤە و هتد).**

**نموونەی وشەی داڕێژراو بە پێشگری سادە:**

## داگرتن، هەڵگرتن، وەرگرتن

**گەردانکردن:**

**ڕانەبردوو، پێکەوە دەنووسرێت:**

## دادەگرم، هەڵدەگرم، وەردەگرم.

**لە دۆخی نەرێنییشدا هەر پێکەوەیە:**

## داناگرم، هەڵناگرم، وەرناگرم.

**ڕابردوو، بە هاتنی جێناو جیا دەبێتەوە:**

## هەڵم کرد، هەڵت کرد، هەڵی کرد

**تێبینی:**

**ئەکادیمیا لەم دۆخەدا پێکەوەنووسانیشی ڕێپێدراو کردووە:**

## هەڵمکرد، هەڵتکرد، هەڵیکرد.

❊❊❊

**٢. پێشگری ناسادە:**

**(پێدا، تێدا، پێڕا، تێوە، تێڕا، لێڕا، پێوە، پێک، تێک، ڕێک، وێک و هتد).**

**نموونەی وشەی داڕێژراو بە پێشگری ناسادە:**

## پێکهێنان، تێکدان، ڕێکخستن، پێدابردن

**گەردانکردن:**

**چ ڕانەبردوو، چ ڕابردوو، بەشی دووەمی جیا دەبێتەوە:**

**ڕانەبردوو:**

**پێک دەهێنم، تێک دەدەیت، ڕێک دەخەن، پێدا دەبەن.**

**ڕابردوو:**

**پێکم هێنا، تێکت دا، ڕێکیان خست، پێیاندا برد.**

نموونەی تر:

**ئەوان لە کۆبوونەوەیەکدا ڕێک کەوتن.**

(نەک: **ڕێککەوتن**، چونکە ئەم ڕێنووسە، دۆخی چاوگ و ناوە، دەبێت دۆخی گەردانکردن شێوازی جیاواز بێت.)

**ئەوان گرووپێکیان پێک هێنا.** (نەک: پێکهێنا).

**ڕێسا:**

**پێشگری لێکدراو، هەمیشە بەجیا و دوور لە فرمانەوە دەنووسرێت:**

**چاوگ: لێکدابڕان، پێکەوەهاتن، پێکەوەژیان.**

**گەردان: ئەوان لێک دابڕان، ئەوان پێکەوە هاتن، ئەوان پێکەوە دەژین.**

**١٧**

**سێ پێشگر + چاوگ:**

**کاتێک سێ پێشگر (کە لە باری ئاساییدا تێکەڵێکن لە پێشگری بێواتا و وشەی واتادار) لەگەڵ چاوگێکدا دێن، بۆ ئەوەی وشەکان زۆر درێژ نەبنەوە، دوو پێشگرەکەی بەجیا دەنووسین و سێیەم پێشگر دەلکێنین بە چاوگەکەوە (چ پێشگرەکە بێواتا بێت، چ وشەیەک بێت):**

**چاوگ:** پێ لێ هەڵبڕین، دەست لێ هەڵگرتن، خۆ تێ هەڵقورتاندن.

**گەردان:** پێم لێ هەڵبڕی، پێی لێ هەڵمەبڕە، پێی لێ هەڵدەبڕن.

دەستی لێ هەڵگرە، دەستی لێ هەڵمەگرە.

**١٨**

## ئامرازی (پێ، تێ، لێ) بەجیا دەنووسرێن:

(بە ئەو) بڵێ = (بەو) بڵێ = (پێی) بڵێ.

(بە ئەو) کورت بووەتەوە و بووە بە (بەو)، ئەویش کورت بووەتەوە و بووە بە (پێی).

(بە ئەو) = (بەو) = (پێی)

کەوا بێت (پێی) لەڕاستیدا سەربەخۆیە و کورتکراوەیە.

(تێ) و (لێ)ش هەر بە هەمان شێوەیە، هەر بۆیە بە شێوەی سەربەخۆ دەیاننووسین:

**پارەم پێ نەما.** (پارە **بە من** نەما.)

(نەک: پارەم پێنەما.)

**دەستی تێ خست.** (دەستی خستە **ناو ئەوە**). دەستی خستە **ناوی**.)

(نەک: دەستی تێخست.)

**دەستی لێ دا.** (دەستی **لە ئەو** دا. دەستی **لەو** دا.)

(نەک: دەستی لێدا.)

**ئەمانە کە ئامرازی (پێ، تێ، لێ)یان تێدایە، وا گەردان دەکرێن:**

(دەستتێوەردان): **دەستی تێ وەردە، دەستی تێ وەردا.**

(دانپێدانان): **دانی پێدا دەنێت، دانی پێدا نا.**

(سەرلێشێواندن): **سەری لێ دەشێوێنێت. سەری لێ شێواند.**

**کاتێ جێناوی لکاو دێت، جیا دەبنەوە:**

**پێم گوت، پێم وت.** (نەک: پێمگوت، پێموت.)

**لێمان سەند.** (نەک: لێمانسەند.)

۱۹

## وشەی نافەرهەنگی:

تێکڕا، وشەی لێکدراو و داڕێژراو، کە بوون بە وشەی فەرهەنگی، هەموو کەرتەکانیان پێکەوە بنووسرێن، دەستەواژەی هاوەڵکاری و هاوەڵناوی کە هێشتا نەبوونەتە وشەی فەرهەنگی، کەرتەکانیان بەجیا و لێک نزیک بنووسرێن (نیومەودا semi-space):

**(چنگلەسەرشان)**، چونکە ئەگەر بنووسین **(چنگلەسەرشان، چنگ لەسەر شان)**

هەست بە ناتەواوی یان ناقۆلایی دەکرێت، بۆیە بەجیا و لێک نزیک (بە نیومەودا) دەینووسین:

**(دەستلەسەرسنگ)**

۲۰

## نیشانەکانی موزاریع

**نیشانەکانی موزاریع (ئەمر، نەهی، نەفی) بە فرمانەوە دەلکێن:**

**دەڕۆیشت، نەدەڕۆیشت.**

**هەڵبگرە، هەڵنەگری، هەڵنەفڕی، دامەخە**

۲۱

## (نە)ی نەفی

**(نە)ی نەفی و عەتف بەجیا دەنووسرێت:**

**نە دێم نە دەڕۆم، نە ئێوە نە ئێمە هیچمان پێ ناکرێ.**

۲۲

## کێشەی (د):

**(د)ی سەرەکیی ئەو وشانەی بە (د) کۆتاییان هاتووە، لە کاتی هاتنی "دا" کە پاشگرە نابێت بقرتێنرێت:**

**لە بن بەرددا** (نەک: بەردا)، **لەناو هەرددا** (نەک: هەردا)

**٢٣**

**(پێشبەند preposition):**

**پێشبەند دوو جۆرە: (سادە و لێکدراو)، نالکێنرێن بە وشەی پێش و پاش خۆیانەوە**

**پێشبەندی سادە:**

**ئەو بە فڕۆکە سەفەر دەکات بۆ کوردستان.**

**تۆ لە کوێ ئەوت بینی؟**

**پێشبەندی لێکدراو:**

**پێنووسەکە لەسەر مێزەکەیە.**

**کتێبەکە لەژێر ڕۆژنامەکەیە.**

**منداڵەکە لەتەنیشت دارەکە وەستاوە.**

**تارا لەپاڵ دیوارەکە چاوەڕێ دەکات.**

**کۆرپەکە لەناو بێشکەکەیە.**

**٢٤**

**(پاشبەند):**

**پاشبەندەکانیش هەر ئامرازن وەک (ە، ەوە، دا، ێ، ڕا) و دەلکێنرێن بەدوای وشەوە، هەر بۆیە (پاشبەندی لکاو)یشیان پێ دەوترێت، وەک:**

**لێرەدا.**

**دەچمە سلێمانی.**

**لە کەرکووکـــەوە هاتووم.**

**ئەو لە خۆشیـــدا نازانێت چی بکات.**

**لەماڵدا ئەوم بینی.** (نەک: لە ماڵ دا ئەوم بینی.)

**ئەو لە ماڵدایە.** (نەک: ئەو لە ماڵ دایە.)

**لە ئامێدیڕا بە پێیان هات.**

**له چوارچراوه هاتوون.**
**به ماڵەوه ڕۆیشتووین.**

**٢٥**

**(ئامرازی لێکدەر) بەجیا دەنووسرێن:**

**من و تۆ** (نەک: منوتۆ، منوتۆ)

**تێکۆشە تا خوێنت گەرمە.** (نەک: تێکۆشە تاخوێنت گەرمە.)

**یا برۆ یا دانیشە.** (نەک: یابرۆ یادانیشە.)

**٢٦**

**کێشەی "بێـ"، "بێ" و "بەبێ":**

**هەر کاتێک خاوەندارێتی لە وشەکە بسێنرێتەوە پێکەوە دەنووسرێت:**

**کوڕێکی بێکەس** (نەک: کوڕێکی بێ کەس)

**بێخانوو، بێباوک، بێپارە** (نەک: بێ خانوو، بێ باوک، بێ پارە).

**بێتۆیی دەمکوژێت.**

**بەبێ تۆ ناچم. = بێ تۆ ناچم.**

**٢٧**

**هاوەڵکاری چۆنیەتی:**

**(هاوەڵکاری چۆنیەتی) پێکەوە دەنووسرێت:**

**بەهێواشی، بەئەسپایی، بەپەلە** (نەک: به هێواشی، به ئەسپایی)

***

**ڕوونکردنەوە:**

**لەڕووی واتاوە چەند جۆر هاوەڵکارمان هەیە، بۆ نموونە:**

١. هاوەڵکاری چۆنیەتی.

٢. هاوەڵکاری کاتی.
٣. هاوەڵکاری شوێنی.
٤. هاوەڵکاری چەندیەتی.
هتد.
تەنیا هاوەڵکاری چۆنیەتی پێکەوە دەنووسین، چۆنکە فۆنیمەکەی پێش وشەکە (پێشگر)ە و پێشگریش پێکەوە دەنووسرێت، بەڵام لەوانی تردا فۆنیمەکەی پێش وشەکە پێشبەندە، پێشبەند بەجیا دەنووسرێت.

**١. هاوەڵکاری چۆنیەتی (پێکەوە دەنووسرێت):**

## ئەو بەجوانی دەدوێت.

"بە" پێشگرە، "بەجوانی" هاوەڵکاری چۆنیەتییە. پێشگر و وشەکە پێکەوە دەنووسرێن: بەجوانی.

## سارا بەهێواشی دەنووسێت.

چۆن دەنووسێت؟ – بەهێواشی (هێواش).

**٢. هاوەڵکاری کاتی (بەجیا دەنووسرێت):**

## من پار چووم بۆ کوردستان.

(پار) هاوەڵکاری کاتییە، سەربەخۆیە و بەجیا دەنووسرێت.

**٣. هاوەڵکاری شوێنی (بەجیا دەنووسرێت):**

من لە سلێمانی ئەوم بینی.
(لە سلێمانی) "لە" پێشبەندی سادەیە، پێشبەند سەربەخۆیە و بەجیا دەنووسرێت.
"لە سلێمانی" هاوەڵکاری شوێنییە.
ئەو لەژێر کەپرەکە نووستبوو.
"لەژێر" پێشبەندی لێکدراوە، پێشبەند چ سادە بێت چ لێکدراو نابێت بلکێت بە وشەکەی دوای خۆیەوە واتە سەربەخۆ پێکەوە دەنووسرێن.
"لەژێر کەپرەکە" هاوەڵکاری شوێنییە

**٤. هاوەڵکاری چەندیەتی (بەجیا دەنووسرێت):**

منداڵەکە زۆر گریا. سۆران کەمێک نەخۆشە.
(زۆر و کەمێک هاوەڵکاری چەندیەتین، سەربەخۆن و بەجیا دەنووسرێن).

**٢٨**

**ئامرازی (تر، ترین) وشەی (تر = دیکە):**

**ئامرازی پلەی بەراورد و پلەی باڵا (تر، ترین) دەلکێن بە وشەی پێش خۆیانەوە:**

جوان، جوانتر، جوانترین

**بەڵام وشەی (تر = دیکە) ئامراز نییە و وشەیەکە، بەجیا دەنووسرێت:**

ڕۆژێکی تر (ڕۆژێکی دیکە)، کەسێکی تر (کەسێکی دیکە)

**٢٩**

**ئامرازی (ش) وشە کەرت ناکات:**

بشتەوێ ناتدەمێ، نەشخۆی. نەشهات، نەشمانگرت، بشمانبەن

**٣٠**

**وشەی بێگانە:**

**وشەی بێگانە بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێت، یان دەخرێتە کەوانەوە:**

ئەڵڵا، قەڵەم، ئەکبەر، سورەیا، ئەمریکا، عەرەبستان، سپانیا

لە زمانی کوردیدا بە (مذهب) دەڵێن "ڕێباز".

**٣١**

**کێشەی (دە، ئە):**

**هەم لە کرمانجی و هەم لە ئەدەبیات و ویژەی کۆنی کوردیی ناوەڕاستدا هەمیشە "دە" بەکار هێنراوە: "نالی":**

گەر دەپرسی من لەبەر چی کەم دەخۆم

من بە برسی قەت مەزانە غەم دەخۆم

**باشترە لە زمانی ئەدەبیدا شێوەی کۆنی "دە" بپارێزین.**

## ٣٢

### (نیومەودا semi-space):

زمانی کوردی زمانێکی لێکدراوییە، پڕە لە وشەی داڕێژراو (داهێنان)، لێکدراو (ڕەشماڵ)، پێشگر (بەهێز)، پاشگر (خواردنەوە)، پێشبەند (لە کوردستان) و پاشبەند (لێرەدا)، ڕێنووسی هەموو ئەمانە هەر لە کۆنەوە دیاری کراون، یاسای خۆیان هەیە، یان دەلکێنرێن بە یەکترەوە یان بەجیا دەنووسرێن.

لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسای ڕێنووسی زمانی کوردی تێک نەچێت بۆ نووسینی ئەمانە هەتا بکرێت کەڵک لە نیومەودا وەرناگرین مەگەر دۆخێکی تایبەتی کە نووسینەکە نەشیاو بێت، یان تەوزیمێکی جیهانی، بۆ نموونە:

**(پی‌دی‌ئێف PDF)**

**پێکهاتەیەکی نافەرهەنگیی ئاڵۆز، وەک:**

**(چنگ‌لەسەرشان)** لە باتیی (چنگلەسەرشان، چنگ لەسەر شان).

**(دەست‌لەسەرسنگ)** لە باتیی (دەستلەسەرسنگ، دەست لەسەر سنگ).

## ٣٣

### کێشەی گۆڕانی (وو) بۆ (ۆ):

نموونەی وەک (خانۆکەم کڕی، جوانۆکەم ئاو دا.) لادانێکی گەورەیە لە ڕێنووس و تێکدانی وشەی پێکهاتەی وشەی سەرەکییە، هەر دەبێت بنووسرێت:

**خانووەکەم کڕی. جوانووەکەم ئاو دا.**

## ٣٤

### (یەک، یێک):

**بۆ نووسینی "یێک" پاش بزوێن باشترە کەڵک لە "یەک" وەربگرین، چونکە ئاسانترە لە دوو پیتی (یێـ)، هەروەها کەمتر (یـ) دووپات دەبێتەوە:**

**گرمەیەک** (نەک: گرمەیێک).

**شنۆیییەک** (نەک: شنۆیییێک).

**مەهابادییەک** (نەک: مەهابادییێک)

## کێشەی جێناوی لکاوی تاک و کۆ:

**لە کاتی نووسینی جێناوی لکاودا نابێت پیتی (ی) لەبیر بکرێت. بۆ ئەوە گرنگە مرۆڤ ئاگاداری خشتەی جێناوە لکاوەکان بێت:**

**زانیاری: جێناوی لکاو دابەش دەبنە سەر ٤ کۆمەڵە:**

**کۆمەڵەی یەکەم: (م / ت / ی)، (مان / تان / یان). ڕابردووی تێپەڕ**

**کۆمەڵەی دووەم: (م / یت / ـ)، (ین / ن / ن). ڕابردووی تێنەپەڕ**

**کۆمەڵەی سێیەم: (م / یت / ات، ێت)، (ین / ن / ن). ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ**

**کۆمەڵەی چوارەم: ( ـ / ە / ـ)، (ـ / ن / ـ). بۆ داخوازی**

❊❊❊

**کاری تێپەڕ: کۆمەڵەی یەکەم: (م، ت، ی ـ مان، تان، یان)**

**کڕین:** ڕەگ (کڕیـ) + جێناو

تاک: کڕیم، کڕیت، کڕیی (نەک: کڕی)

کۆ: کڕیمان، کڕیتان، کڕییان (نەک: کڕیان)

نموونەی تر: بڕین، نووسین، دزین، گۆڕین، پرسین.

**کاری تێنەپەڕ: کۆمەڵەی دووەم: (م، یت، x ـ ین، ن، ن)**

**فڕین:** ڕەگ (فڕیـ) + جێناو

**تاک: فڕیم، فڕییت، فڕی**

**کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین**

❊❊❊

**کەوا بێت، کاتێک وشەی پێش لە جێناو، بە "ی" کۆتایی هاتبێت، نابێت "ی"ی جێناو لەبیر بکرێت، نموونەی تر:**

**چیم وت؟ چیت وت؟ چیی وت؟**

**چیمان وت؟ چیتان وت؟ چییان وت؟**

**٣٦**

## کێشەی تێکەڵکردنی (ڤ)، (ف)، (و):

**لە زمانی کوردیدا پیتی (ڤ = V)مان هەیە، دەبێت ئەو ناوانەی لە زمانە ڕۆژاواییەکاندا (V)یان تێدایە وەک خۆی بە (ڤ) بیاننووسین:**

**ڤیکتۆر هۆگۆ** (نەک: فیکتور هۆگۆ، ویکتۆر هۆگۆ)

**ڤیدیۆ** (نەک: ویدیۆ)

**ڤۆڵڤۆ** (نەک: ولو)

**ئەرشیڤ، ئارشیڤ** (نەک: ئەرشیف، ئارشیو)

**ئیڤا** (نەک: ئیوا).

**٣٧**

## ڕێنووسی ڕۆژانی هەفتە:

شەممە، یەکشەممە (نەک: یەک شەممە)، دووشەممە (نەک: دوو شەممە).

**دارمیوەکان:**

**دارهەنار (نەک: دار هەنار)، دارمۆز (نەک: دار مۆز)، دارگوێز (نەک: دار گوێز)، دارمێو (نەک: دار مێو)**

(بە پێی) و (بەپێی):

**بەجیا: بە پێی خۆی چوو بۆ لای دوکتۆر.**

**پێکەوە: بەپێی بڕیارەکە جێبەجێی بکە.**

**پوختەی ڕێنووس، وەشانی ١،**

**2021-09-25**

**بۆ نوێترین زانیاری لەسەر ڕێنووس بە شێوەی سەرهێڵ:**

ڕێنووسی زمانی کوردی

diyako.yageyziman.com